

میدیای نوێ

ئاسۆ وەهاب

ناوی بەرهەم : میدیای نوێ

نووسینی : ئاسۆ وەهاب

دیزاین و پیتچنین : دایکی رۆژا

ئەم بەرهەمە بەرهەمێکی سەرچاوە کراوەیە

open source

ئەم بەرهەمە هەوڵە بۆ زیادکردنی ناوەڕۆکی ئەنتەرنێت بە زمانی کوردی دەتوانین هاوکارامان بن

پەرەسەندنی ویب WEB

لەسەرەتادا ئەنتەرنێت بریتی بوو لە کۆمەڵە لاپەڕەیەکی جێگیر، دیزاینەر بە چەند کۆدێکی سادە دایدەڕشت و دواتر باری دەکرد بۆ ماڵپەڕەکە تا ئەو کەسانەی سەردانی ماڵپەڕەکە دەکەن بیبینن، ئەمەش بە web 1.0 ناو دەبراو هیچ کارلێککردنێك لە نێوان ماڵپەڕەکەو ئەو کەسانەی سەردانی دەکەن یان لە نێوان خودی ئەوانەی سەردانی ماڵپەڕەکەیان دەکرد رووی نەدەدا، هەروەها ئەو بابەتانەی لەسەر لاپەڕەکانی ماڵپەڕەکە دادەنرا سەرچاوەکەی تەنها ئەو کەسە بوو کە تەنها ماڵپەڕەکەی بەڕێوە دەبرد .

بە تێپەڕبوونی کات سیستەمێکی نوێ بەناوی (سیستەمی کارگێڕیکردنی ناوەڕۆك) هاتە کایەوە کە بە web 1.5 دەناسرا، ئەم سیستەمە بریتی بوو لە چەندان لاپەڕەی چوڵراو (دینامیکی)، ئەو کەسانەی سەردانی ئەم جۆرە ماڵپەڕەیان دەکرد لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا کارلێککردن لە نێوان خۆیانداو لە نێوان خۆیان و ماڵپەڕەکە رووی دەدا کە بە تایبە تمەندی نووسین (کۆمێنت) ناودەبرا، لە راستیدا web 1.5 ئاسانکاری و رێگەی خۆشکرد بیرۆکەی نوێ بێتە کایەوە، هەروەها لە لایەن بەڕێوەبەری ماڵپەڕەکەوە بە ئاسانی پرۆسەکانی چاککردن و زیادکردن و سڕینەوەی زانیارییەکان ئە نجام دەدرا .

بەتێپەڕبوونی کات web 2.0 دەرکەوت، دەرکەوتنی web 2.0 توانایەکی زیاتری بەخشییە بەکارهێنەری ماڵپەڕەکان، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی سەردانی ماڵپەڕەکان دەکەن لە بیرۆکەی (بەکارهێنەرەوە) گۆڕی بۆ (بەشداریکەر)و بۆ یەکەمین جار بیرۆکەی (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) دەرکەوت . ئەمەش بواری رەخساند تا بەکارهێنەر ببێتە بەشداریکەرێکی کارا لە دانانی بابەت و ئەو زانیاریيانەی کە خۆی دەیەوێت ئیدی گرتەی ڤیدیۆ بێت یان وێنە یان نووسین .

گرنگترین تایبە تمەندییەکانی web 2.0 پشت بەستنێتی بە تەکنیکی XML ئەمەش بواری رەخساند بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزاری RSS کە دەتوانیت لە رێگەیەوە بەشداری بکەیت لە هەموو ئەو

ماڵپەڕانەی کە خوازیاری بە بەردەوامی زانیارییەکانی پێت بگات لەگەڵ بەستنەوەی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بە یەکتر یان بەستنەوەی چەندان خزمەتگوزاری بە ماڵپەڕەکەتەوە .

Web 2.0 بواری بۆ بیرۆکەی بەشداری پێکردنی بەرنامەکان (App) لە ماڵپەڕی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان رەخساند، بە واتای بواری بە بەکارهێنەر دا بەرنامەکان (ئەپلیکەیشنەکان) بۆ ماڵپەڕەکان(بە نموونە فەیسبوك و بلۆگرو تویتەرو ...هتد) زیاد بکات . هەروەها بیرۆکەی بەکارهێنانی راستەوخۆی خزمەتگوزارییە کارگێڕییەکانی رەخساند لە رێگەی (براوسەر)ـەوە بە بێ پێویستی دابەزاندنی لەسەر کۆمپیوتەرەکەت (نموونەی خزمەتگوزاری google documents) هاوکات سەرهەڵدانی بیرۆکەی وشە کلیلییەکان (Tags) کە بواری بۆ بەکارهێنەرو ئامرازەکانی گەڕان رەخساند بە ئاسانیو بە شێوەی لۆژیکی بە ناوەڕۆکی مەبەستدار بگات، گرنگترین تایبە تمەندییەکیش کە web 2.0 رەخساندی، هێنانە کایەوەی چەمکی بەشداریکردنە لە چوارچێوەی بنەما سەرەکییەکانی پەرە پێدانی ماڵپەڕەکان . خزمەتگوزارییەکانی بلۆگەرو تویتەرو فەیسبوك و سکایپ و فلیکرو ...هتد لە سایەی web 2.0 دەرکەوتن، هەموو ئەمانەش رێگەیان خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی (رۆژنامەوانی میللی/میدیای نوێ/هاولاتی رۆژنامەنووس) لەسەر ئەنتەرنێت، هەموو ئەمانە ئەو کۆمەڵە چەمکانەن کە ئاماژەن بۆ ئەو رۆژنامەوانییەی کە هاولاتی بەرهەمی دەهێنێت .

رۆژنامەوانی میللی

لە ساڵانی رابردوودا کۆمەڵە زاراوەیەکی نوێ لە بواری کاری رۆژنامەوانیدا دەرکەوتن وەك(رۆژنامەوانی میللی/هاولاتی رۆژنامەنووس) بەکورتی ئەمانە ئاماژەبوون بۆ ئەو کارە رۆژنامەوانییەی کە هاولاتیانی ئاسایی بەرهەمی دەهێنێت، جیاوازی نێوان رۆژنامەوانی (سوننەتی/تەقلیدی)و هاولاتی رۆژنامەنووس لەوەدایە، یەکەمیان پێویستی بە دامەزراوەو کارمەندێکی زۆر هەیە تا دەربچێت، بەڵام ئەوەی دووەمیان کەسێکە وێنەیەك دەگرێت یان گرتەیەکی ڤیدیۆ تۆمار دەکات یان بیروبۆچوونی خۆی دەنووسێت و لە سەر

ئەنتەرنێت بڵاویان دەکاتەوە پاشان ئەوانی تر دەیبینن یان دەیخوێننەوەو کارلێك دەبن لەگەڵیداو بۆچوونی خۆیان لەسەری دەنووسن بەمەش بە هەموویانەوە بەشدار دەبن لە دروستکردنی رۆژنامەوانی میللی . نموونەی روون لەسەر رۆژنامەوانی میللی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بلۆگەر، فەیسبوك، تویتەر، یوتیوپ، فلیکرە لە رێکخستن‌و رێنوێنیکردن‌و بڵاوکردنەوەی زانیاری تایبەت بە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی‌و رووداوەکانی 17ی شوبات لە کوردستان، چالاکوانان لە تەواوی دونیادا ئەم ئامرازانە بەکار دەهێنن بۆ خستنەڕووی پێشیلکارییە سیاسییەکان‌و پیسبوونی ژینگەو بانگەشەکردن بۆ بیرورای سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ... هتد .

ئەنتەرنێت وەك ئامرازێکی میدیایی

لەگەڵ دەرکەوتنی چاپدا بازدانێکی گەورە لە بواری گواستنەوەی هەواڵ‌و زانیاری روویدا کە بواری دا هەموو کەسێك ببێتە خاوەنی کتێب یان رۆژنامەیەك، لەگەڵ ئاسانکاری کردن بۆ گواستنەوەی بیرەکان بە نووسین لە جیاتی گواستنەوەی لە قۆناغی پێشوو بە سەرزارەکی . لەگەڵ دەرکەوتنی (رادیۆ) شۆڕشێك لە خێرایی گواستنەوەی هەواڵ‌و زانیاری روویدا ، پاش دەرکەوتنی تەلەفزیۆنیش بە باشی درکمان بەوە کرد کە گرنگی گەیشتن بە هەواڵ‌و زانیاری بە وێنەو دەنگ چەند گرنگن، تەلەفزیۆن بووە بزوێنەری سەرەکی هەڵوێست وەرگرتن‌و بیرکردنەوەمان .

لەسەرەتای حەفتاکاندا ئامرازێکی میدیای نوێ دەرکەوت، ئەم ئامرازە بەرهەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان‌و ئەنتەرنێت بوو، لە کاتێکدا ئەنتەرنێت تەنها لە لایەن دامودەزگا حکومەتییەکانەوە بەکار دەهێنرا ، لەو مێژووە بە دواوە خرایە بەردەستی تاکەکان‌و توانیویانە لەماڵ‌و شوێنی کارو شوێنەکانی تر بە ئاسانی بەکاری بهێنن، ئەمەش هانی بەرهەمهێنەرانی میدیا دا تاوەکو ئامرازێکی نوێی بەرهەم بهێنن کە خەڵك لە رێگەیەوە بە کوالێتی باش‌و خێرایی‌و تێچوونێکی کەم هەواڵ بگوازنەوە . بۆ یەکەمین جار ساڵی 1992 رۆژنامەی (تربیۆن)ی ئەمریکی هاوکات لەگەڵ

بڵاوكردنەوەی دەرچوونی ژمارە كاغەزییەكە ژمارەی ئەلكترۆنی بڵاوكردەوە، دواتر چەندان رۆژنامەی تر ئەم هەنگاوەیان نا گرنگترینیان رۆژنامەی (یو ئێس تودەی)و (سالۆن) بوون . دواتر ئەنتەرنێت وەك ئامرازێكی میدیای نوێ خۆی سەپاند كە هیچ دامەزراوەیەكی رۆژنامەوانی نەیتوانیو ناتوانێت دەستبەرداری ببێت .

لە هەفتاكانی سەدەی رابردووەوە ئەنتەرنێت بووە پاڵپشتێكی بەهێزی رۆژنامەوانی نووسراو، لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی لەو ساڵانەدا جێی رۆژنامەوانی (سوننەتی-تەقلیدی) لەق بكات، چونكە رۆژنامەوانی نووسراو لەو ماوەیەدا دا هەوادارێكی زۆری هەبوو بەتایبەت لەو وڵاتانەی كە سەر بە جەمسەری رۆژهەڵاتی بوون یان لەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەم دەژمێردران، هۆكاری ئەمەش كەمی دەرامەتو نەزانین بوو لەبارەی چۆنێتی بەكارهێنانی كۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت .

لەگەڵ پەرەسندنی تەكنەلۆژیا، لەجیهانی پەیوەندییەكاندا ئامرازێكی میدیایی نوێ دەركەووت ئەویش (مۆبایل) بوو بە وردی دوای دەركەوتنی نەوەی 3ی مۆبایل بە دواوە، ئەم جۆرە مۆبایلانە چەندان تایبەتمەندی گرنگی تێدا هەیە لەوانە توانای زەخیرەكردنی زانیاری(دەنگ-وێنە-ڤیدیۆ)، پاشان نمایشكردنیان یان باركردنیان بۆ تۆڕی ئەنتەرنێت. وێڕای گرانی دابینكردنی خزمەتگوزارییەكە لە لایەن كۆمپانیاكانەوە بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەڵام ناتوانین رۆڵی مۆبایل وەك ئامرازێكی نوێی میدیا بەكەم بزانین، بە پێچەوانەوە نەوە نوێیەكانی مۆبایل رۆژ دوای رۆژ پێگەیان لەناو میدیای نوێدا بەهێزتر دەبێت .

ئەم پەرەسەندنە خێرایانە وایكردووە زۆرێك لە رۆژنامە بەناوبانگەكان دەستبەرداری رۆژنامەی (سوننەتی-تەقلیدی-كاغەزی) بنو بایەخی زیاتر بە رۆژنامەی ئەلكترۆنی بدەن ئیدی هۆكارەكەی قەیرانی ئابووری بێت یان كەمی تێچوون بە بەراورد لەگەڵ رۆژنامەی كاغەزی یان بە هۆی دووركەوتنەوەی خوێنەر لە رۆژنامەی كاغەزی، ئەمەش ئەو باوەڕەی لای هەمووان دروستكرد كە لە

دەیەکانی داهاتوودا میدیای نوێ بە تەواوەتی پێگەی میدیای سوونەتی-تەقلیدی دەگرێتەوە .

پەرەسەندنی ئەنتەرنێتو بەرنامەکانی بیرۆکەی پێشەنگبوونی لە بواری میدیادا جێگیر کردووە، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ئەنتەرنێت web 2.0 هەلێکی زۆری بۆ تاکو دامەزراوەو کۆمپانیاکانی ریکلامی رەخساند تاوەکو ئەم ناوەندە خێرایەی گواستنەوەی دەقو وێنەو ڤیدیۆو ریکلامەکان بەکار بهێنن، بەتایبەت ئەو زانیارییانەی کە بەردەوام نوێ دەبنەوە لەبارەی زیادبوونی ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت بڕی ئەو بایەخ پێدانەی زیاتر کرووە .

لەم ساڵانەی دواییدا چەمکی (میدیای نوێ) بە تەواوەتی خۆی سەپاند ئەمەش ئەو حەقیقەتە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئامرازەکانی (بلۆگەر-تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان-ماڵپەڕەکانی هەواڵ) کاریگەرییەکی بێوێنەیان لەسەر تاکو کۆ بەجێهێشتووە کە هیچ کامیان ناتوانین پشتگوێی بخەین . لەژێر فشاری کێبڕکێدا کەناڵەکانی راگەیاندن کەوتنە پەخشکردنی بەرنامەی رادیۆو تەلەفزیۆنەکانیان لە رێگەی تۆڕی ئەنتەرنێتەوە، لە ژێر کاریگەری بەشداربوونو کارلێککردنی (وەرگر) دیاردەی (هاوڵاتی رۆژنامەنووس) سەری هەڵداو بە خێراییەکی بێوێنە پەرەی سەند .

ململانییە لە نێوان میدیای (سوننەتی-تەقلیدی)و میدیای نوێ (میدیای جێگیرەوە)

ئەمەیان ململانییەی مانەوەیە لە نێوان ناوەڕۆکی ئەلکترۆنیو ناوەڕۆکی چاپکراو . ئەو پێشکەوتنەی ئەمڕۆ تیایدا دەژین وای لێکردوین لە گوزەرانی رۆژانەماندا زیاتر پشت بە تەکنەلۆژیا ببەستین، لەگەڵ بایەخدانو سەرسامیمان بە فاکتەری (خێرایی) ئەمەش وایکرد خێرا دەستبەرداری ناوەڕۆکی چاپکراو ببینو ڕوو لە ناوەڕۆکی ئەلکترۆنی بکەین .

توێژینەوەکان ئاماژە بە نەمانی ناوەڕۆکی چاپکراو دەکەن لە سێ یان چوار دەیەی داهاتوو، ئەمەش بە پشت بەستنی تەواوی تاکەکان لەسەر ناوەڕۆکی ئەلکترۆنی ئیدی کتێب بێت یان ڕۆژنامە .

تێچوون و خێرایی، دوو سیفەتی جیاکاری ڕۆژنامەوانی ئەلکترۆنییە کەوا دەکات ڕۆژنامەوانی ئەلکترۆنی زیاتر حکوم بکات . لەڕووی خێراییەوە دەتوانرێت لە ڕۆژێکدا زیاتر لە جارێك ناوەڕۆکەکە نوێ بکرێتەوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێکی نوێ خوێنەر دەیخوێنێتەوەو وێنەی پەیوەندیدار بە کوالێتی بەرز دەبینێت و هەندێك جار ڤیدیۆی ڕووداوەکە تەماشا دەکات و لەگەڵ هەواڵەکەدا کارلێککردن روو دەدات و کۆمێنت لەسەری دەنووسێت و لەوانەشە لە بلۆگەر یان لە لا پەڕەی تایبەتی خۆی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی بکاتەوەو لەگەڵ هاوڕێیەکانی بەشداری بە هەواڵەکە بکات، ئەم دیاردەیەش لە ڕۆژنامەوانی سوننەتی-تەقلیدی-چاپکراودا ڕوو نادات .

تایبە تمەندییەکی تری ڕۆژنامەوانی ئەلکترۆنی کە ڕەنگە زۆرێك زانیاری وردیان لەبارەوە نەبێت خێرایی گەیشتنە بە ئەرشیفی تایبەتی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکە یان ئاسانی گەڕان بەدوای بابەت و ناوەڕۆکێك کە بەلای وەرگرەوە گرنگە، ئەمەش لە ڕۆژنامەی چاپکراودا نییە، ئەم تایبە تمەندییە گرنگییەکی زۆری لە لای توێژەران و کەسانی ئەکادیمی و ئەو کەسانە هەیە کە کار بۆ بە بەڵگەنامەکردنی ڕووداوەکان دەکەن .

لەگەڵ دەرکەوتنی نەوەی نوێی مۆبایلدا بایەخی وەکو ناوەندێکی میدیایی زۆرتر بوو کە هیچ کات لەبایەخی ئامێری کۆمپیوتەر (دیسکتۆپ و لابتۆپ) کەمتر نییە، بەتایبەت دوای دەرکەوتنی نەوەی سێیەمG3و چوارەمG4و ...هتدلەگەڵ ئەم پەرەسەندنەدا گەڕان خێراتر بوو، نرخەکانیش هێندەی تر دابەزین، ئەمەش وای لە زۆرێك لەماڵپەڕە گەورەکان کرد وەك (ئینسایکلۆپیدیای ئازاد-ویکیبیدیا)و ماڵپەڕەکانی هەواڵ و ...هتد ڕێگەیەکی نوێ بگرنە بەر لە دابینکردنی زانیاری بە قەبارەی سوك تا بە ئاسانی لە ڕێگەی مۆبایلەوە بەکارهێنەر پێیان بگات . سەرەتای بەکارهێنانی مۆبایل وەك ناوەندێکی میدیای لە ڕێگەی سیستەمی کورتەنامەوە SMS دەستی پێکرد کە بەناردنی کورتەنامەی ئاشنابوون بە

خزمەتگوزاریو پاشان ریکلامکردن و دواتر بەشداریکردن لە لە خزمەتگوزاری دابینکردنی هەواڵ، لەگەڵ پەرەپێدانی بەرنامەکانی پەیوەستکردنی مۆبایل بە ئەنتەنێتەوە بەتایبەت (وای فای) لە نەوەی g4 بە دواوە خێرایی گەیشتن بە رۆژنامەو ماڵپەڕەکانو پەخشی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لەسەر تۆڕی نێت چەند ئەوەندە زیادی کرد .

ئەم پەرەسەندنە تەنها کاریگەری لەسە بەکارهێنەر/وەرگر نەبوو، بگرە بەرنامەکانی پەخشی راستەوخۆی(کەناڵەکانی یوتیوپ) شێوازێکی نوێی لە پەخشی تەلەفزیۆنی هێنایە کایەوە کە پێویستی بە دەرامەتێکی زۆرو کارمەندێکی زۆر نییە بۆ پەخشکردنو بەرهەمهێنانی بەرنامە، هاوکات (سکایپو تانگۆو فابریك) بازدانی گەورەن لە گواستنەوەی رووداوەکان بەخێراییو لەو شوێنانەی کە پەیامنێری ئاسایی ناتوانێت پێیان بگات .

ئەنتەرنێت لە پێناو گۆڕانکاریدا

دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی ئەنتەرنت لە لایەن چالاکوانانەوە لەسەر بنەمای (پێویستی دایکی داهێنانە) . لەگەل هەبوونی دەیان حکومەتی شمولیو سیستەمی چەوسێنەر چالاکوانان جگە لە ئەنتەرنت هیچی تریان لەبەردەست نەبوو بۆ رووبەڕوو بوونەوەو پەردەهەڵماڵین لەسەر زەبرو زەنگو گەندەڵی دەسەڵاتداران ، راستە ئەمە (ژیانێکی گریمانەییە) بەڵام هیچ نەبێت کەرتێکی زۆری گە نجانی تێر کرد، کە ئەوداڵی ژیانێکی بەختەوەرو باشترن ، لە راستیدا سەرەتاکانی بەکارهێنانی ئەنتەرنت لەبواری کاری میدابیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1992 ، رۆژنامەی تربیۆنی ئەمریکی کە لە ویلایەتی نیو مەکسیکۆ دەردەچوو یەکەمین رۆژنامە بوو کاری لەسەر بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی رۆژنامەکەی کرد لەسەر تۆڕی نت ، پاشان ساڵی 1998 (USA today) هەمان کاری ئەنجام داو لەو ساڵە ژمارەی رۆژنامە ئەمریکاییو کەنەدییەکان کە بوونە خاوەنی ماڵپەڕی تایبەت ژمارەیان گەیشتە 750 رۆژنامە . ساڵی دوای ژمارەی رۆژنامەکان لە دەرەوەی ئەمریکا گەیشتە 2800 رۆژنامە کە ماڵپەڕی تایبەتیان لەسەر

تۆڕی نت دروستکرد . لەساڵی 2002 کۆی ژمارەی ئەو رۆژنامانەی کە ماڵپەڕی تایبەتیان هەبوو گەیشتنە 5000 رۆژنامە . ئەمە جگە لە دەرچوونی چەندان رۆژنامە کە تەنها چاپی ئەلکترۆنیان هەیە و بە شێوەی کاغەزی بڵاو نابنەوە وەك رۆژنامەکانی (ورد و صالون) .

دواتر ئەم بابەتە رۆژنامەکانی تێپەڕاندو لە ئەمرۆدا رادیۆو تەلەفزیۆن و تۆڕە میدیاییەکان نەك هەر ماڵپەڕی تایبەتی خۆیان هەیە بگرە زۆرێك لە ئامرازەکانی میدیای کۆمەڵاتیش وەك فەیسبوك و توویتەرو یوتیوب و بلۆگەر ... هیتر بەکار دەهێنن . لەناویشیاندا هەیە پەخشی راستەوخۆی هەیە لەسەر تۆڕی نت .

لەگەڵ خستنەبەردەستی خزمەتگوزاری (یانەکان – منتديات) رووبەرێکی فراوانی گفتوگۆ دروست بوو، کە دەرگای بۆ دیالۆگ لەبارەی تەواوی مەسەلە وابەستەکانی ژیان کردەوە، لەناوەشیاندا سیاسەت . ئەگەر چی بە وریاییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا بەلام رووبەرێکی باشی ئازادی بۆ تاکەکان دروست کرد . لە ئەمرۆدا ملیونها (یانە – منتدی) لەسەر تۆڕی نت هەیە کە ناوەرۆکی جیاوازیان هەیە (ئایینی – سیاسی – کۆمەلایەتی...هیتر) . لەبەر ئەوەی بەرنامەکانی خزمەتگوزاری ئەنتەرنت بەردەوام لە پەرەسەندن و پێشکەوتندایە ئەوا لەگەڵ دەرکەوتنی (گروپەکانی نامە گۆڕینەوە – المجموعات البريدية) بەکار هێنران و گەنجان و چالاکوانان بەزۆری روویان لەم خزمەتگوزارییە کرد . ژمارەیەکی زۆری گروپی نامە گۆڕینەوە دەرکەوتن لە بواری جۆراوجۆر کە لە ئێستادا لە کوردستان دیارترین گروپێك (گروپی گۆڤاری ئاگانامەیە) کە نزیکەی 40.000 ئەندامی هەیە . لە میسر چالاکوانانی کاریان لەسەر دامەزراندنی گروپی (بزوتنەوەی گەنجان لە پێناو گۆڕانکار) دامەزراندو لە نێوان ساڵانی 2005 – 2007 هەمیشە گفتوگۆی سیاسیان دەکردو بزوێنەری شۆڕشی میسر بوون لە رێگەی بانگەوازە بەردەوامەکانیان بۆ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕکردنی دۆخی سیاسی وڵات .

ئەو چالاکوانانەی کە شارەزایی تەکنەلوژی باشیان هەبوو دەستیان برد بۆ دانانی ماڵپەڕی تایبەتی

خۆیان لەسەر بلۆگەرو وۆرد پرێسو ناوەڕۆکی زۆربەیان سیاسی بوونو هەندێکیان وردبوونەوە لە هەواڵە گشتییەکانو بارودۆخی ئەو کۆمەڵگا خۆجەییان دەگواستەوە کە تیایدا دەژیان ، بەڵام لەسەرتاکانی ئەم هەنگاوە زۆربەی ناوەڕۆکی ئەم ماڵپەڕانە بریتی بوو لە گواستنەوە (ئەوەی پێی دەوترێت کۆپی پێست)، بەڵام پەیتا پەیتاو لەگەڵ کاریگەرییەکانی پێشکەوتنی خێرایی تەکنەلۆژیا دەست برا بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆك بە تایبەت لەگەڵ وەگرخستنی ویب 2.0 و بەرنامەکانی ، هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کە بنەمای کارکردنی ویب 2.0 پشتی بە بەشداریو کارلێکبوون بەستووە تا ئەوەی کە تەنها وەرگر بێت . تایبەتمەندییەکانی ویب 2.0 رۆڵی گەورەی هەبوو لە بواری چالاکی چالاکوانانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو هەمووان بەکاریان دەهێنا لە بواری بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی نووسراوو وێنەو ڤیدیۆو دەنگ ، بەڵام لە هەمووی کاریگەرتر دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Hi5-Twitter-Facebook-Orkut-Tagged-Multiply-Friendster-Ning-Linkedin-myspace) بوو .

ساڵی 2003 ساڵی بازدانێکی گەورەبوو لە بواری بەنامەکانی ویب 2.0، کاریگەری سیاسی گەورەی بەجێ هێشت نەك تەنها لەسەر رووداوەکانی ناوچەی عەرەبی بگرە لەسەر تەواوی جیهان ، لەو ساڵە یەکێك لە بلۆگەرانی عێراق ماڵپەرێکی تایبەت (بلۆگ) داناو دەستی دایە بڵاوکراوەزانیاریو چیرۆکی دوا ساتەکانی کەوتنی بەغدا ، ئەو کات هیچ کەناڵێکی راگەیاندن نەیتوانی لەسەر ئاستی جیهانی رووماڵی رووداوەکان بکات بەبێ لایەنگیری ، ئەمە وایکرد زۆرێك لە میدیا بەناوبانگەکانی جیهان پشت بە ماڵپەڕی (بلۆگی) ((سلام پاکس) ببەستن وەك سەرچاوەیەکی راستگۆو گرنگی هەواڵ، دواتر هەندێك ماڵپەڕ (بلۆگی) بەناوبانگ دەرکەوتن کە کەسانی بەناوبانگ لە ئەمریکا بەڕێوەیان دەبرد ، زۆربەی ئەو بلۆگانە لە سونگەی پشتگیری یان نەیاربوون لە لێدانی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە ناوبانگیان دەرکەوت . ئەمە وایکرد زۆر بە خێرایی خزمەتگوزاری (بلۆگەر) جێ پێی خۆی قایم بکات بەتایبەت ئەو بلۆگانەی چالاکوانان لە وڵاتە دیکتاتۆرەکان بەڕێوەیان دەبرد .

لەگەڵ درەوشانەوەی ئەستێرەی بەختی بلۆگکردن (تدوین) خزمەتگوزارییەکی تر کە بایەخی هیچ کات لە (بلۆگ) کەمتر نییە کەوتە کار ، خزمەتگوزاری بەشدارپێکردنی گرتەی ڤیدیۆ (یوتیوب – youtube) ئامارزێکی کاریگەری دونیای میدیای نوێیە، راستە لە سەرەتادا تەنها بۆ کات بەسەر بردن بەکاردەهێنرا بەلأم دواتر و لەماوەیەکی کورتدا رۆڵێکی کارای هەبوو لە پرۆسەی گۆڕانکاری بەتایبەت لە ناوچەی عەرەبیو بەهاری عەرەبی . ئەگەر یوتیوب نەبوایا دیمەنی ئەشکەنجەدان لە بنکەکانی پۆلیسی میسر و گەندەڵی دەزگای پۆلیس لە مەغریب ئاشکرا نەدەبوون . هەر یوتیوب لە تونس دیمەنی خۆسوتانی ئەلبوعزیزی بۆ دونیا گواستەوەو کردییە سەرچاوەی ئیلهامی شۆڕشی تونس ، لە یوتیوبەوە دونا ئاگای لە ڕووداوەکانی عێراق و سوریاو لیبیاو یەمەنە، هەر لە یوتیوبەوە وەحشیگەری کوشتنی رۆڵەی کوردمان لە 17ی شوبات بینی یوتیوب بەخودانی کۆبانیْ گەیاندە لوتکە .

لەگەڵ پەرەسەندنی پرۆگرامسازی ئەنتەرنت، تۆڕەکۆمەلأیەتییەکان ژیانێکی تەواو گریمانەییان خوڵقاند ، راستە فەیسبوك یەکەمیان نەبوو بەلأم لە هەمووان کاریگەرترە . لەناوچەی عەرەبی پێش دەرکەوتنی فەیسبوك بەچەند ساڵێك چالاکوانان تۆڕی Hi5 یان بەکاردەهێنا بۆ بانگەشە بۆ بیروبۆچوونە سیاسییەکانیان ، بەلأم HI5 نەیتوانی زەمینەی گفتوگۆ دروست بکات تا فەیسبوك هاتو ئەو کەلێنەی پڕکردەوەو جێگەی هەموو تۆڕەکانی تری لەق کرد .

لەگەڵ گرتنی لوتکەی میدیای نویْ لە لایەن (بلۆگەکان–مدونات)ەوە، خزمەتگوزارییەکی تری زۆر ئاسان دەرکەوت کە بە شێوەیەکی بەرچاو رۆڵی لە جولأنەوەی جەماوەری کرد، رۆڵی کارای لە بانگەشەکردن بۆ دیموکراتیو مافی مرۆڤو مافە سیاسییەکانو شەڕی گەندەڵی هەبوو . کەس چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد نامەیەکی 140 پیتی ئەو کاریگەرییەی هەبێت . رۆڵی تویتەر نەك تەنها لە جیهانی عەرەبی بە تایبەت لە بەهاری عەرەبی زۆر کاریگەر بوو بگرە لەسەر ئاستی جیهان رۆڵێکی کاریگەری هەیە .

تویتەر بەهۆی خزمەتگوزاری بەخۆڕایی بەکارهێنانی لە ڕێگەی هەموو جۆرە مۆبایلێکەوە ڕۆڵێکی بەچاوی لە شۆڕشی تونس و میسرو شۆڕشی سەوزی ئێران و شۆڕشی گەلی بەحرین گێڕا .

پێشکەوتن لێرە نەوەستاو چالاکوانان بەردەوام ئەودالی خزمەتگوزاری نوێن تا لە ڕێگەیەوە بانگەشە بکەن و ڕاستییەکان بگوازنەوە، زۆری نەبرد هەمووان ڕوویان کردە خزمەتگوزاری بەخشی ڕاستەوخۆی بێبەرامبەری bamabuser بۆ گواستنەوەی ناڕەزایەتییەکان و ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە ڕوداوەکانی تونس و میسرو بەتایبەت سوریا بایەخی پەخشی ڕاستەوخۆی گوایتنەوەی ڕووداوەکان هانی زۆرێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهان دا تا پشت بە bamabuser ببەستن لە ڕوومالکردنی ڕووداوەکان .

دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە چەندان خزمەتگوزاری تر هەن کە چالاکوانان پشتیان پێ بەستووەو دەبەستن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمو زۆرداری و چەوسانەوە ، بەڵام لەوانەیە بە هۆی کەمی بەکارهێنانیانەوە هەمان ئەو ڕۆڵەیان نەبێت کە ئەوانەی باسمان کرد هەیانە، لەگەڵ ئەمەیشدا ناتوانین ڕۆڵی فلیکرو بەخشی وێنەو نەخشەکانی گوگڵ بۆ پلاندانان بۆ خۆپیشاندانەکان فەرامۆش بکەین . تەواوی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە باسمان کرد ڕۆڵیان لە برەودان و دروستبوونی (ڕۆژنامەوانی میللی – هاوڵاتی ڕۆژنامەوان) هەیە .

ئەم دوو زاراوەیە زۆر خێرا گەشەیان کرد بەتایبەت لەو سیستەمانەی حکومڕانی کە ڕێزی ئازادی و ئازادی ڕادەبڕین ناگرن و بەردەوام چالاکوانانیان کردووەتە ئامانج چ بە دەمکوتکردن بێت یان لەناودانی جەستەیی ، ئەمەیش وایکرد ئەنتەرنت ببێتە تاکە پێگەی ئازادی و ئازادی قسەکردن دوور لە ستەمکاری دەزگا دا پلۆسێنەرەکان .

سەرچاوەکان :

1- العصر الرقمي الجديد ، اريك شميدت و جاريد كوين .

2- تسونامي التقنيات الجوالة ، مايكل سايلور .

3- السايفربانك (حرية شبكة الانترنت و مستقبلها ، جوليان أسانج و اخرون .

بۆ بەشداریکردن لەگەڵمان لەم پرۆژەیە پەیوەندیمان پێوە بکەن :
تەلەفۆن : +964 770 145 3495
ئیمێڵ : asowahab@gmail.com
سەردانی ئێرە بکە :
asowahab.blogspot.com